نێچیرڤان بارزانی و شێبانی جێختیان لە گرنگیی پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە سووریا کردەوە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی سووریا، پێیوەندییەکانی نێوانیان و دواین پێشهاتەکانی دەخی سووریا و کاریگەرییەکانی لەسەر ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکە تاوتوێ کرد، هەروەها هەردوولا جێختیان لە گرنگیی چارەسەرکردنی تەنگژەکانی سووریا و پاراستنی مافی هەموو پێکهاتەکان کردەوە.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوەکی بڵاو کردووەتەوە و تێیدا ئاماژەی داوە، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە 14ی شوباتی 2026، لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەسعەد شێبانی، وەزیری دەرەوەی سووریا کۆبووەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، لە کۆبوونەوەکەدا، پێیوەندییەکانی سووریا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، دواین پێشهاتەکانی دەخی سووریا و کاریگەرییەکانی لەسەر ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکە تاوتوێ کران. هەردوولا جێختیان لە گرنگیی چارەسەرکردنی تەنگژەکانی سووریا و پاراستنی مافی هەموو پێکهاتەکان کردەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، هەر لە کەبوونەوەکەدا، باس لە دەخی مرەیینی ئاوارەکان و بڕەودان بە دیالۆگی نیشتمانی لەپێناو داهاتوویەکی سەقامگیر بە وێات کرا. هەروەها وەزیری دەرەوەی سووریا ستایشی ڕۆڵی سەرکردایەتیی هەرەمی کوردستانی کرد بە ڕەکەوتنی دیمەشق و هەسەد و هاوکاریکردنی ئاوارەکان و هەوڵەکانیان بە پاراستنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

سەرکایەتیی هەرەمی کوردستان دەشێت: لای خۆیەوە نەچیرڤان بارزانی، هیوای سەرکەوتن و ئارامی و سەقامگیریی بە سووریا خواست، هەروەها جەختی لە گرنگیی پاراستنی مافەکانی کورد لە دەستووری داهاتووی سووریای یەکگرتوودا کردەوە.